# جۆن گرەنگ 1945 ـ 2005

ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە لە ساڵی 1945 لە نزیک شاری بور لە ناوچەی مبیور لە دایک بووە...لە تیرەی دینکا یە کە تیرەیەکی گەورە و بەناوبانگی خوارووی سودانە...بۆ تەواو کردنی خوێندن دایک وباوکی جونیان رەوانەی ئەمریکا کردووە، لە زانکۆی جیرنیل ئایوا وەرگیرا و دەستی کرد بە خوێندن ، پلەی دکتۆرای لە ئابووری تەواو کردووە. جۆن ئەفسەر بوو لە لەشکری سوودان......ساڵی 1983 گرەنگ چووە خوارووی سودان تاوەکو راپەرینی سەربازانی خوارووو دابمرکێنیتەوە، بەڵام تێکۆشەرانی راپەڕوو باوەڕیان گۆڕی و کردیانە سەرۆکی خۆیان.........هەر لەوێ لەشکری گەلی بۆ رزگارکردنی سودان دروست بوو، کە بەشی سەربازی بزووتنەوەی رزگاریخوازی سوودانە. هەر لەوکاتەدا شۆڕشی خەڵکی خوارووی سوودان لە دژی رژێمی ناوەندی دەستی پێکرد و ئەسیوپیای ئەو کاتە بە سەرۆکایەتی ماگنیستۆ هیـلا مریــام یارمەتیەکی تەواوی جون گرەنگ و بزوتنەوەکەی کرد...هەر لەسەرەتادا دژی ئەو رێبازە بووە کە دەستووری سوودان ببێتە دەستووری ئیسلامی و دین و دەوڵەت پێکەوە گرێ بدرێت ..... ئەو شۆڕشە توانی ببێتە چرایەک بۆ خەڵکی خوارووو کە هەرە زۆربەیان ئایینیان عیساییە و کریستیانن...جۆن رابەری شۆرشەکی دەکرد کە بەیەکێک لە شۆڕشە درێژەکانی ئەفریقیا و زیاتر لە میلیونێک شەهید و میلیونیک ئاوارەودەربەدەر دەژمێردرێ... جۆن گرەنگ لەگەڵ بەشی زۆرینەی بزووتنەوەکانی بەرهەڵتستکار پەیوەندی گرێدەدا، بەڵام بەداخەوە هەر هەموو کە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی رێک دەکەوتن بەناوی بران لە ئایین پشتیان لە جۆن دەکرد،ئەویش هەر لەسەر رێبازەکەی بەردەوام کلپەی شۆڕشی گەشتر دەکرد.نموونەش بۆ ئەو یارییەسیاسیانە پەیمانی {کوکادام 1986 زەعیم عەبدولرەحمان سوار زەهەب} و {پەیمانی ئاشتی 1988 لەگەڵ محەمەد عوسمان میرغەنی}.لە ساڵی 2002 لەگەڵ حکوموتی سوودان بە سەرۆکایەتی عومەر بەشیر دانوساندنی کرد و پرۆتۆکۆڵی مەشاکۆس ئیمزاکرا،کە ئەو پەیمانە دانی نا بە مافی چارەنووسی خەڵکی خوارووی سوودان . هەر ئەو رێککەوتنەبووە هۆی دابەش کردنی دەسەڵات و سەرمایە و ئاسییشی لە سەرتاسەری سوودان و پەیمانی ئاشتی لە ئاهەنگێکی گەورە لە نێروبی کینیا بەرێوەچوو بە چاودێری ئەریکاو ئەوڕوپا و نەتەوەیەکگرتووەکان . لە رۆژی 8 یۆلیو تەمووز2005 گرەنگ بۆ یەکەم جار گەراوە خەرتوومی پایەتەخت هەر رۆژی پاشتر سوێندی خوارد و بووە جێگری سەرۆکی حکومەتی سوودان ...دەیان جار جۆن لە پیلانی کوشتن رزگاری بووە ،کەچی رۆژی 1ی ئاوگۆست ئاب2005 بەکەوتنەخوارەوەی فڕۆکە کوژرا . لە پاش جۆن گرەنگ کەسی دووەمی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی سوودان سەلڤا کیر مایار دیت هەڵبژێردرا بە سەرۆکی بزووتنەوە و بووە جێگری سەرۆکی سوودان...

## کەوتنەخوارەوەی فرۆکە

جۆن گرەنگ (سەرۆکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی سوودان)یان لەناو برد... زیاتر لە بیست ساڵە لە دژی دەوڵەتی سوودانی ئیسلامی دەجەنگێ و بە هیچ شێوەیەک قەبووڵی نەکرد کە دەستووری وڵات لە سەر شەریعەتی ئیسلامی بەڕێوە بچێ و وڵاتی سوودان ببیتە کۆماری ئیسلامی سوودان ...جگە لەوەش دەیزانی ئەمریکا تەنها وتەنها بەرژەوەندی خودی خۆی دەوێ و هیچ باکی بەوەی نیە چەند منداڵ لە جنوب لەلای جۆن گرەنگ دەمرێت ، پاشان چۆن دەبێ لە خوارووی سوودان کە زۆرینەی لە ئایینی عیسایین ئاوا سەربەخۆبن و قبتی(قبطی) میسری دراوسێش لە بەرامبەر موسڵمانی مێشک ژەنگاوی چۆک دابدا، ئایا ئەویش ((جۆن گرەنگ))ێک دروست ناکات هەتا رزگاری بکات و لە فەتوای ئەزهەر ئازادی بکات . دەکرێ لە میسری عروبە وغەیرە موسڵمانێک ببێتە سەرۆک کۆمار...؟؟؟ ئەزهەر بۆی هەزم دەکرێ...؟؟ خۆ لە سودان بۆ ج.گرەنگ نەک هەر لە جنوب بەڵکو لە خەرتوومی پایەتەختیش بە ملیون خەڵک هاتنە سەر شەقام و بە دڵەوە پێشوازیان لێکرد، کە عومەر بەشیر چاکی دەزانی لە نێوان خۆی و جۆن دا ئەوا دۆڕاو قابیلی خۆیەتی و ئەوجارە گرەنگی غەیرە موسڵمان دەبیتە سەرۆک ،بەڵام ئەوەی تازە کە بووە جێگری عومەر کەس ئەوەندەی گرەنگ نایناسێ و جارەکی تر عومەر بەشیری موسڵمان سەرۆکە ....وڵاتی ئۆگەندای فەقیر ئەگەر بێت و لەو کارەساتە بکۆڵێتەوە و ئاشکرای بکات کە چۆن فرۆکەکەی جۆنی تیادا بوو کەوتە خوارێ ئەوا ناچارە داوا لە ئەمریکا و ئەوروپا بکات کە شارەزا و پسپۆڕی بۆ رەوانە بکەن بزانن سەندوقی رەش چی تێدایە ئۆگەندا سەری نایەشی بۆ پەڕۆکی تێبهاڵێنێ و لەو روداوەش ناکۆڵێتەوە ... سەیرە جێگری تازەی خوالێخۆش بوو جۆن گرەنگ ئەو کەسەیە هەردەم لە دژی سیاسەت و بیری گرەنگ بووە بەڵام ئەویش لەناو رێکخراو خاوەن خەڵکە و دەنگ دارە ئەوە بووە جێگری سەرۆکی سوودانیش . عومەر بەشیر هەتا لەسەر کورسیەکەی بمینێ ئەمریکاوئەوروپا چی پێبڵێن نازانێ بڵێ نا هەر لەسەر داوای ئەوان زگی بە کارلۆس نەسووتا و ئیسلامەتی نەپاراست یەکسەر کارلۆسی دا دەستی فەرەنسا و کە گووتیان کۆماری ئیسلامی لە سوودان نابێت یەکسەر حەسەن تورابی هاوڕێ و دۆستی بە ناوی ئینقلاب خستە زیندان ... ئەمریکا دەزانێ بیرو باوەڕی ئیسلامی حەسەن تورابی کارتێکردنی لەسەر لاوان لە سوودان ولە دەرەوەی سوودان زۆرە . خۆ ناکرێ هەتا هەتایێ عومەر بەشیر سەرۆک کۆمار بێت دەبێ گۆڕانکاریش بکرێ ، شەڕی چەکداریش نەما و بزووتنەوەکەی گرەنگ دەبیتە بزووتنەوەی سیاسی ئیتر خەڵک زیاتر بۆ لای بزوتنەوەکە دەچێت و بەشداری دامەزرانی دەوڵەتی دیموکراسی دەبێت،کە خەڵکیش دەنگیان بە ئازادی دا جێگای بەشیریش لەق دەبێت ...گەلۆ قەبووڵە مەسیحیەک ببیتە سەرۆک کۆمار ...؟ یا سوودان دەبێ بە دوو کۆمار ...کۆماری خواروو و کۆماری باکوور....؟!!

فـــەهـــــد گـــردەوانی 6 / 9 / 2005 ستۆکهۆڵم